# (تاوان هەر تاوانە)

**کاروان**

**کەنەدا / ئازاری ۲۰۰۲**

چواردە ساڵ بەسەر کارەساتی کیمیا بارانی شاری هەڵەبجەدا تێپەریوە. چەند ئەوەندەی تریش تێبپەرێ هەر هەموو ئەوانەی کە دەستیان لەو تاوانە کۆمەڵ کوژییەدا هەبوو وەك سەدام، کۆماری ئیسلامی ئیران،رژێمیئەوکاتەی ئەڵمانیا لەگەڵ چەکدارەکانی ی.ن.ك و مەلا عەلی عەبدولعەزیز خۆی تاوانبارن.

هیتلەر و مۆسۆلۆنی رەنگە کاری چاکیشیان بۆ ئەڵمانیا و ئیتاڵیەکان کردبێ بەڵام لە دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ لە جەنگی جیهانی دووەم خەڵکانی ئەوروپا،بەتایبەتی و جیهانیش بە گشتی ئەو دوو ناوە و چەندانی تریش بە تاوانبارانی جەنگ لە قەڵەم دەدەن.

ئەمرۆ صەدام و بەعس گلۆپی سووری"ئەمریکا"یان بۆ داگیرساوە و بە پێی لێکدانەوە جۆراو جۆر ەکان چەند رۆژانێکی کەمیان ماوە و چارەنووسی بنلادن یان لەوە خراپتر چاوەرێیان دەکات. جا ئەم رووداوە نوێیە سەرنجی زۆرێك لە حزب و گروپ و کۆمەڵ و ناوەندە جۆراوجۆرە کوردیەکان چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی وولآت بۆ خۆی راکێشاوە.بۆیە لە یادی هەڵەبجەی ئەمساڵدا تاوانبارکردنی صەدامان نەبینی و بەرگوێمان نەکەوت. حزبە کوردییەکان بە سەرۆکایەتی یەکێتی و پارتی لەبەرئەوەی سیاسەتی رۆژیان هەبووە و هەیە ئەمساڵ ئامادە نەبوون صەدام و بەعس ناوزەد بکەن.

یەکێتی دووساڵیکە گرنگیەکی تایبەتی داوەتە هەڵەبجە و یادی هەڵەبجە، بە بروای من بەشێکی گەورەی ئەم گرنگیدانە سرینەوەی ئەو مێژووە تاڵەی خۆیەتی لە کارەساتی ١٦-ی ئازار.ئەم کارە لەو پەندە دەچێت کە دەڵێت : <u>کەسەکان دەکوژێت و</u> <u>لە گەڵیشیاندا دەچێت بۆ گۆرستان</u>!!. یان لە هەڵس و کەوتی ئەم باوکە دەچێت کە لە منداڵەکەی دەدات و دوایی بە پارچە شیرینییەك یان دراوێك ئاشتی دەکاتەوە. لۆژیك ئەوەیە هەموو حزب و رێکخراوەیەك بەرنامەی رۆشن و ئاشکرای بۆ کۆمەلآنی خەڵك پێبێت نەك بەرنامەی دەبل مۆراڵی و هەر رۆژەی بە چەشنێك. چونکە ئەم جۆرە بەرنامانە نەك هەر هەڵەیەکی گەورە و چەواشەکردنی خەڵکە بەڵکوو تاوانیکی گەورەشە بە دژی کۆمەلآنی خەڵك.

ی.ن.ك پێش چوادە ساڵ لەمەوبەر لە ١٥-٣-١٩٨٨دا بۆ پاسداران و لەشکری کۆماری ئیسلامی ئیران بووە چرا و هەڵەبجەیان داگیر کرد. کەچی پاش چواردە ساڵ لە یادی هەڵبجەی ئەمساڵدا سەرۆکی حکومەتەکەی "بەرهەم سالح" لە لایەك رووی ئەم کۆمارە ئیسلامیە سپی دەکاتەوە کە

فاکتەرێکی گەورە بوو لە کارەساتی جینۆسایدی ١٦-٣ لە لایەکی تریشەوە شەهیدانە بۆ کەس و کاری شەهیدەکان دەبرێتەوە !!!

من بۆ زیاتر سەلماندن و رۆشنکردنەوەی قسەکانم پێم باشە کەمێك باسی رووداني کارەساتەکە بکەم. چونکە من خۆم خەڵکی هەڵەبجەم و لە کاتی روودانی کارەساتەکەشدا لەوێ بووم بە چاوی خۆشم زۆربەی رووداوەکانم بینی. واتە پێشمەرگەکانی ی.ن.ك و بزووتنەوەی ئیسلامیم شان بە شانی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بینی کە ١٥-٣-١٩٨٨ کاتژمێر ٤/٥ "به اللهواکبر حلبجه ازاد شد" هاتنە ناو هەڵەبجەوە. ئەو پێشمەرگانەشم بینی کە کە بانقەکەیان دزی و بە خاوەن پارەکانیشیان ووت : مەترسن هەموو ناوەکانتان لیست دەکەین و پارەکانتان دەدەینەوە !. "بێگومان هەتا ئێستاش دەیاندەنەوە !!!. من ئامادەم ناوی دووان لەم پێشمەرگانە بێنم کە لە برینی ئەو بانقەدا بەشدار بوون بەڵام لەبەر سانسۆر و بڵاوبوونەوەی بابەتەکەم هەڵی دەگرم بۆ کاتێکی تر.

راستە صەدام تاوانباری دەرەجە یەکە، راستە صەدام پێشووتریش بە هۆی راپەرینی ١٣-٥-١٩٨٧ هەڵەبجە لە خەڵکی هەڵبجە رق ئەستوور بوو بەڵام هەمو ئەوانەش تاوانبارن کە رێیان لە خەڵکی هەڵەبجە گرت تا پێش روودانی کارەساتەکە لە هەڵەبجە بچنە دەرەوە. لە ساڵی ١٩٦٨تا ١٩٧٠ پێشمەرگەکانی پ.د.ك بە درێژایی ئەو دوو ساڵە هەموو هەفتان چەند جارێك لە ناحیەی بیارەوە تۆپ بارانی هەڵبجەیان دەکرد و چەندین خێزانی هەڵەبجەیان شەهید و بێ دەست و قاچ کرد بە بیانووی ئەوەی شارەکە جاش و جەیشی تێدایە. بەڵام ساڵی ١٩٧٤ کە زانیان رژێمی بەعس هەڵەبجەش بە دەردی قەڵادزێ دەبات خێرا بانگەوازیان بۆ شارەکە کرد و رێیان خۆشکرد تا خەڵکەکە بچنە دەرەوە و لە ناو شاردا نەمێنن. بێگومان کە ٢٤-٤-١٩٧٤ فرۆکەکانی بەعس هاتن و هەڵبجەیان بۆردومان کرد تاوانەکە هێندەی تاوانەکەی قەڵادزێ دەرنەچوو.بە بروای من گەرچی ئەم کردەوەیەی پارتی هیچ لە تاوانی پێشووی ئەو چەند ساڵەی ناسرێتەوە کە بەرامبەر خەڵکی مەدەنی هەڵبجە کردی. بەڵام پێشمەرگەکانی ی.ن.ك لە ١٥-٣-١٩٨٨ دا ئەوەشیان لەگەڵ خەڵکی شارەکەدا نەکرد و بەڵکوو سەرەرای تاوانەکەیان تاوانێکی تریشیان بۆ خۆیان زیاد کرد و بە خەڵکی هەڵبجەیان ووت : هەڵەبجە رزگاری بوو. یان بە تووڕە بوونەوە دەیانووت : ئێوە چیتان لە ئێمە زیاترە ؟ بۆ کوێ دەچن ؟ من نکولی لە خوێن رێژی صەدام و بەعس ناکەم و دوژمنی هەرە گەورەی مرۆڤ و کوردن بە تایبەتی بەڵام لەو بروایەدام ئەگەر پاسدار و پێشمەرگەکانی ی.ن.ك لە چوونە دەرەوەی خەڵکی هەڵەبجە رێگریان دروست نەکردایە خەڵك کەمتر دەخنکا-دەسووتا-بریندار دەبوو....تاد. بەڵام دیارە ئەوەش پیلان بوو تا قەسابخانەکە گەورەتربێت و کۆماری ئیسلامی ئێران و یەکێتی لە رووی راگەیاندنەوە سوودی زیاتری خۆیانی لێ ببینن و سەرنجی جیهانی پێ رابکێشن. بێگومان واش دەرنەچوو،بەڵکوو ئەورووپا تا بە ئەمریکاش دەگات بێ

دەنگیان لێ هەڵبژاردوشاردیشیانەوە. چونکە دەستی خوێناوی خۆشیانی تێدا بوو بەتایبەتی ئەڵمانیا.

©Kurdistan Nêt